# بەرلە دایك بوون..

بەرلەدایك بوون خۆشم ویستی
هەرزوودە مزانی دوای وە ئاگاهاتنی
فا مە کانی گەرمی وساردی
دە بیتە کلۆی ئەوژانەی
بەفرمێسکەکانی دوای گریانیش
ئۆخەییم وەبەرنایەتەوە..
لێستنەوەی مننەتەکانت
چارەنوسێکی بریندارەو
قەتماغەبوونی بۆنیە..
هەوڵەکانی بەدووکەڵبوونت
سەفەری پووچ بەهیچی سپارد
وروژانی ژانەکانی بێتۆیی
ناڵەیەکی زریکەدارە..
قیژەیەکی پڕلەئاخ و
گریانێکی هەمدەمی نادیارە..
دەکەمێ بەدڵنەواییەوەبۆم بدوێ
خۆدەمێکەبەحەسرەتم ددانەکانی
ئەودیوخەندەسیحراوییەکانت ببینم
بەخیلیم بەهەمووئەوخۆشیانەوەدێن
کەئومێدی بۆدەخوازی
ئەوکاتانەی تۆی هەمووقەناعەتم
ژان بەخەمێکەوەدەگری
تەوژمی ئازارەکانت
ژانێکەو.. دەمخنکێنێ
نوزانەوەوهاواری پڕتکام
هەمووشتێ دەڕوخێنێ
جگەلەویژدانم
کەزۆرلەسەرخۆ
نیگاکانتدەگرێنێ.

ڕزگارکۆیی 2001
ڕۆژنامەی(سەکۆ) بەرلین